# پرسیارەکانی ژیان و ململانێی نەوەکان

## خوێندنەوەیەك بۆ نۆڤێلای (شتێك لەقوڕی خورافە)ی ئیسماعیل حەمە ئەمین



**ئارام سدیق**

مێژووی ژیانی مرۆڤەکان لێرە هەمیشە مێژوویەکی پەرت وبلاوەو قسەکردن و گێڕانەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو کارێکی سانانییە. مرۆڤی کورد بە درێژایی سەدەی بیست لە نێو شەڕ و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی جیهان و عیراقدا هەمیشە ژیان لێکەوتووترین بووە, ئەمەش کەم تا زۆر کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوە و ئاکارەکانی مرۆڤی کورد داناوە.

کاتێك نەوەی پێشوو دێت و بیرەوەری و سەرگوزەشتەی ژیانی خۆی بۆ نەوەی نوێ دەگێڕێتەوە, ئەستەمە ئەم نەوەیە توانای وەرگرتنی ئەم هەموو نەهامەتیانەی هەبێت و بتوانێ لە ژیاندا سوود لەو ئەزموونەی نەوەی پێشوو وەربگرێت, چونکە هەموو ئەوە دەزانین زۆرێك لە نەوەی نوێ بڕوایان بە بیر و بۆچوونەکانی نەوەی پێش خۆیان نییە, ئیتر گێڕانەوەی ئەزموونەکانی ژیانی باوك بۆ کوڕ دەبێ چ سوودێکی ئەوتۆی دەبێ, شتێکی تریش کە ئەم هەستی بڕوا نەکردنە لاواز دەکات گۆڕانکارییە خێراو یەك لە دوای یەکەکانی جیهانە, ئەمەش وایکردووە نەوەی نوێ دیدو روانینێکی تری هەبێ بۆ تەماشاکردنی جیهان.

بۆ ئەوەی زیاتر لە تەوەرەی باسەکەم دوور نەکەومەوە دەمەوێ لێرەدا قسە لەسەر نۆڤێلای (شتێك لەقوڕی خورافە)ی ئیسماعیل حەمە ئەمین بکەم, ئەوەندەی من ئاگاداری نوسینەکانی ئەم نوسەرە بم ئەو لە رۆمانی "کەوتنە خوارەوەی گورگێك" دەیەوێ لە رێی خەیاڵ و فەنتازیاوە گوزارشت لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی بکات و لە رێی ئەم دوو چەمکەوە ئەوەندەی تر یاری بە مێشکی خوێنەر دەکات و جوانکاری دەبەخشێت و ڤالایی رۆمانەکە بەرجەستە دەکات و تێکەڵ بە بەردەوامی نمایشی رۆحەکان دەبن و جەستەش فەلسەفەی خۆی دەگەیەنێ و چێژو جوانی بە دەقەکە دەدەن و خوێنەر زیاتر پەلکێشی ئەفسوونی دیمەنە سەیرو سەمەرەکان دەکەن, دیمەنەکانی نێوان خەیاڵ و واقیع و مەئلوف و نامەئلوف و مەخلوقاتی زیندوو مردوو و رۆحە مردوو و زیندووکانی زیندەوەرەکان. ئەگەر بە کورتی پێناسەیەك بۆ ئەم رۆمانە بکەین دەتوانین بڵێین رۆمانی هەموو کارەساتەکانی نێو ژیانی هەستپێکراوی مرۆڤی کورد, هەروەها لە چیرۆکی "هاوڕێیەکی نادیار"دا دەیەوێ سەرگوزەشتەی ژیان و ناسینی لەگەڵ (ئەحمەد فەرەج) ناوێك بخاتە روو, بە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە و نۆڤێلا نوێیەکەی دەگەینە ئەو رایەی نووسەر لەسەرجەم چیرۆك و رۆمانەکانیدا دەیەوێ لە رێی گێڕانەوەی ژیانی خۆیەوە گوزارشت لە سەردەم و ئەزموونی تاڵی ژیانی بکات و شێوەیەکی بیرەوەری ئاسایی لە چیرۆکەکانیدا پەیڕەو کردووە و لە زۆرێك لە چیرۆکەکانیشیدا نووسەر خۆی پاڵەوان و گێڕەرەوەی چیرۆکەکانە و دەنگی دووەم لە بەرامبەر دەنگی ئەمدا نابینرێ, کە ئەمە تایبەتمەندی چیرۆکەکانی نووسەرە, هەروەها زمانی شیعری سەرجەم چیرۆکەکانی داگیرکردووە و ئەم زمانەش نزیکایەتی لەگەڵ زمانی رۆمانەکانی "بەختیار عەلی"دا هەیە, بەڵام لای ئیسماعیل نەرمتر و بێ گرێ وگۆڵترە.

دیارە لەم لەم پێشەکییەوە ویستم دەروازە بەسەر ئەم نۆڤێلایەدا بکەمەوە, ئەم نۆڤێلایە ئیشکردنێکی نوێیە لە رێی گێڕانەوەی کەسی یەکەمەوە, کەسی یەکەم دەیەوێ مێژووی ژیانی رابردووی خۆی بۆ کوڕە پێنج ساڵانەکەی بگێڕێتەوە لە رێی ئەمەوە مێژووی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیی و میللەتەکەی بۆ کوڕەکەی بگێڕیتەوە, بەڵام لێرەدا قسەیەك سەر هەڵدەدات کە بۆچی نووسەر دەیەوێ ئەو مێژووە بۆ کوڕە پێنج ساڵانەکەی بگێڕتەوە و بۆ لەو تەمەنە کەمەدا دەیەوێ ئەو ژیانەی تێبگەیەنێت؟ بۆ لە تەمەنی (10)ساڵیدا بۆی ناگێڕێتەوە؟! بێگومان نووسەر زۆر زیرەکانە تەوزیفی ئەو حاڵەتەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە, کە نەوەی کۆن دەیەوێ نەوەی نوێ بەسەروەریەکانی خۆی ئاشنا بکات وتا لە رێی گێرانەوەی ئەو ژیانەوە قەرزارباری بکات بەوەی خزمەتی نەوەی نوێی کردووە, هەروەها ئامادەش نییە وەڵامی یەك پرسیاری نەوەی نوێ بداتەوە, بۆیە نووسەر پەنای بۆ منداڵێکی پێنج ساڵان بردووە تا سەروەریەکانی ژیانی بۆ بگێڕێتەوە, چونکە ئەو منداڵە توانای پرسیارکردن و هیچ شتێکی

تری نییە, کە من پێموایە ئەمە لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە کە نەوەی پێشوو لە نەوەی نوێ هەیەتی و لە بیرکردنەوە و پرسیار و رەفتارەکانی سڵ دەکاتەوە, چونکە هیچ کام لەمانە بە دڵی نەوەی پێشوو نییە, بۆیە لێرەوە ئەو ململانێیە سەرهەڵدەدات لە نێوان ئەو دوو نەوەیەدا و لەبەر ئەوەی نەوەی کۆن دەیەوێ نەوەی داهاتوو لە کۆپیەکی خۆی بەولاوە هیچی تر نەبێت, یان رەنگە نووسەر بیەوێ کاریگەرییەکانی بەعسیزم لەسەر نەوەی خۆی بەم شێوەیە تەوزیف بکات, کە نایەڵێ بیرکردنەوەی جیاواز و پرسیاری جیاواز لەسەر ژیان هەبێت, چونکە کلتوری بەعس ئەو سیفەتە نادروستانە بوون.

نوسەر دەیەوێ لەسەرەتادا ئەوە لە کوڕە پێنج ساڵانەکەی بگەیەنێت هەرچەندە چیرۆکی ژیانی سادەیە, بەڵام ئەم سادەییە پڕە لە ئاڵۆزی و نەهامەتی و ترس, پڕە لە کوشتنی رۆحی مرۆڤ. ئەو دەڵێ؛ پەروەردەی منداڵی من و هاوڕێکانم پەروەردەیەکی عەسکەریانەیە, بەڵام بە جۆرێك زیاتر پابەندبوون بە ترۆپکی سۆز و خەون و ژیان.

لێرەدا نووسەر باس لە خراپی سیستمی پەروەردە وڵاتی ئێمە دەکات ئەو پەروەردەیەی کە نەوە لە دوای نەوە بێئومێدتر و بێخەونتر دەکات. لە شوێنێکی تردا دەنوسێت؛ رووداوەکان وایان پێویست دەکرد کە مرۆڤ بەردەوام ئەوە نەبێت کە خۆی دەیەوێت, لەوانەشە ژیان بەگشتی ئاوەها بێت, دژەکاریەك بێت دژ بە بوونی خۆت وەك بوونەوەرێکی ئازاد و ژیاو بەو شێوەیەی خۆت دەتەوێت ل12 , مرۆڤی کورد ئەو مرۆڤەیە کە نەیتوانیوە وەکو خۆی بژی بیربکاتەوە و هەمیشە ئەم خۆی لەگەڵ ژیاندا گونجاندووە, نەك چۆنی بوێ ئاوها بژی, رەنگە ئەمەش گەورەترین نەهامەتی مرۆڤی کورد بێت, هەر لێرە بێتوانای تاکی کورد دەردەکەوێت لە ئاست ژیان و رووداوەکان, یان لە شوێنێکی تردا دەنوسێت؛ جەنگ هەموو هەڵبژاردنە مرۆییەکان دەکوژێ, جەنگ شتێکە دژی بیرکردنەوە, ئەو پیاوانەشی زۆر بیر دەکەنەوە, هەر زوو لە یەکەم رۆژی شەڕەکاندا دەکوژرێن, ئەوانەی بە ساغی لە جەنگەکان دێنە دەرێ و پەنجەیان خوێناوی نابێت, ئەوانەن کە تەنانەت یەك چرکەش بیریان لە دزێویەکانی شەڕ نەکردۆتەوە, ئەوە یاسای جەنگە کوڕەکەم ل15 نوسەر لێرەدا هۆکاری ئەو بێ توانای و بودەڵەییەی مرۆڤی کورد دەگێڕێتەوە بۆ جەنگەکان, ئەو جەنگانەی تەواوی بیرکردنەوەمان دەکوژێ و بەرەو بەجاهیل بوون نەفامی پەلکێشمان دەکات. ئەو دەڵێ, لەجەنگەکاندا ئەوانەی دەکوژێت خاوەن بیرەکانن و ئەوانەن بیر لە نەتەوەکەی خۆیان بکەنەوە, بەڵام ئەوانەی دەمێننەوە ئەوانەن کە چرکەیەکیش جەنگ بەدزێو نازانن.

نوسەر لە لاپەڕە پانزەدا ئاماژەیەکی نادیار بەوە دەکات کە کوڕەکەی خەوتووە بەوەی کە دەڵێ, دوور لەتۆ کوڕەکەم.....دوور لە هەموو منداڵێکی خەواڵوو. ئەمەش دیسان ئەو قسەیەی سەرەتام پشت راست دەکاتەوە کە نوسەر دەیەوێ گوێگرەکەی بێ دەنگ و بێ پرسیار هەموو سەروەریەکانی ژیانی(کەخۆی پێیوایە) بسرێتەوە, لەشوێنێکی تردا دەیەوێت لەرێی ئەم گوتەیەوە زۆرجار هەندێ شت روودەدەن لە شوێن و زەمانێکدا کە شوێن و زەمانی خۆیان نین, پابەندنین بە زەمەنەنی روودانی خۆیانەوە, لادانێکن لە زەمەنی لۆجیك و لۆجیکی رووداو, ئەمەش نهێنی و سیحری ناجۆری زەمەنە شاراوەکانن.(ل23) دەیەوێ گوناهو تاوانەکانی دۆڕاندنی وڵات بخاتە ئەستۆی زەمەن و خۆی لەو تاوانابە دوور بخاتەوەو دەیەوێ پاکانە بۆ تاوانەکانی خۆی بکات

لەشوێنێکدا ئەو بەراوردا لە نێوان شوێنی لەدایکبوونی خۆی و کوڕەکەیدا دەکات و دەڵێت؛ ئەو شارەی منی تێدا لەدایك بووم جیاواز لەم شارەی تۆی تێدا لەدایك بووی پڕی بوو لە چیرۆکی برسێتی و کوشتن و هەڵاتن و گرتن,بەڵام ئەمەش سیحری ئەو هەناسەهەڵکێشانە ئاسودەگییە بوو کوڕم, کە مرۆڤ دوای بەدگومانی ترسێکی گەورە هەناسە هەڵدەکێشێت بە قوتاربوون لە قورساییەکی گەورە لەسەر دڵ, هەستکردنێکی دیکە بە ئاسوودەگی دایپۆشی ل25, دیسان لێرەشدا لای کوڕەکەی پاکانە بۆ خۆی دەکات و هەموو کەمتەرخەمیەکان دەخاتە ملی گەردوون و زەمەن و شار, چونکە شاری(قسەکەر) پڕ کوشتار و خوێنرێژی بووە, بەڵام ئەو شارەی کوڕەکەی (گوێگر)ی لێ لە دایکبووە گوڵستان و بەهەشتی سەر زەمینە. لێرەدا دەبێ ئەوەبزانین راستە شوێن کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە, بەڵام مرۆڤ توانای خۆگونجاندن و نوێکاری هەیە, یان کێدەڵێ ئەو کوڕەش هەمان مێژووی ژیانی ئەو دووبارە ناکاتەوە.

مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەگشتی و مرۆڤی کورد بەتایبەتی سەرجەم ئەو نەهامەتی و دواکەوتنانە دەگێڕێتەوە بۆ جەنگ, ئەو جەنگە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدرێژای مێژوو بەدەستیەوە دەناڵێنێ, لە شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە لەزەمەنی جەنگدا قەدەریەت زیاتر بەسەر عەقڵانیەتدا زاڵدەبێت و مرۆڤە عەقڵانیەکان پێش هەموان بەرێکەوتە سەیرەکان دەمرن. لەم بۆچوونەوە دەگەینە ئەو رایەی کە لە زەمەنی جەنگدا مرۆڤ هەموو بەهاکانی مرۆڤبوون لەدەست دەدات و مرۆڤی عەقڵانی لەگەڵ یەکەم فیشەکدا دەکوژرێت, کوژرانێکی کە رۆح دەکوژرێت نەك جەستە, ئەمەش وێنەیەکی جوانە بۆ پیشاندانی دواکەوتوییەکانی مرۆڤی رۆژهە~ڵاتی بەگشتی و کورد بەتایبەتی, یان لەشوێنێکی تردا ئاماژە بە دەسەڵاتی بەعسیزم دەکات کە چۆن هەموو نەوەکانی ئەم وڵاتەیان بەرەو جەنگەکان دەبردو تا وایانکرد کە هەموو نەوەکانی ئەم وڵاتە بەسەربازی لەدایك بن و بەسەربازیش بمرن.

دۆخی ژیانی مرۆڤی پەناهندە, یەکێکە لەو تەوەرانەی لەم (نۆڤێلا) یەدا قسەی لەسەرکراوە. مرۆڤ کاتێك لەوڵاتی خۆی هەڵدێ هەموو هیواو پەنایەکی لەو وڵاتەدا دەبینێتەوە کە دالدەی دەدات وپێی وایە ئەگەر لەو وڵاتە کۆچ بکات مردن ژیانی دەسڕێتەوە. نوسەر لەشوێنێکدا دەنوسێت؛ دەبێت وەك هەڵاتوویەکی ئەبەدی لەم وڵاتەدا بمێنمەوە, ئەگەر وانەکەم ژیانم هیچ مانایەکی دیکەی نابێت, لێرەدا دەتوانین بڵێین مانەوەی مرۆڤی

پەناهندە لە تاراوگە بۆ بەخشینی مانایەکە بەژیان, چونکە وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا بەعس هیچ بەهاو مانایەکی بۆ ژیان نەهێشتبووەوە, بۆیە مرۆڤی عەقلانیش بەردەوام بەدوای مانایەکدا دەگەڕێ بۆ ژیان.
بەڵام لەلایەکی ترەوە نوسەر پێیوایە کە مرۆڤی تاراوگەنشین, هەرچەند بەدوای ژیاندا بگەڕێ خۆی ونکردووە, چونکە کاتێك مرۆڤی رۆژهەڵاتی دەچێتە وڵاتێکی تاسەر ئێسقان شارستانی و سیخناخ بەتەکنەلۆژیای نوێ و جیهانی پۆست مۆدێرن, هەست بەبچووکی خۆی دەکات لەئاست گەورەیی ئەو شارستانیەدا, بۆیە زۆرجار مرۆڤی تاراوگەنشین هەمیشە لەبێ هیواییدا دەژی و لەچاوەڕوانی شتێکدایە کە نازانێ چییە؟ لەم بارەیەوە نوسەر دەنوسێت؛ ئێستاش کوڕم, دوای تێکشکانم لەنێو تاراوگەدا, بوونم بەشتێك کە خۆشم نازانم چییە!!, بوونم بەبرغویەك لە فابریکێك, یاخود کەوانەیەکی ژمارەی کارتێکم فەرمانبەرەکانی ئەم جیهانە پۆست مۆدێرنە لە کۆمپیوتەرەکانیاندا دەیهێنن ل60, یان دەنوسێت؛ بەبزمارێکی ژەنگاوی بەژیانەوە کوتراوم ل61. ئەمەش پاش هەستکردن بەونبوون, هەستدەکات ژیان واز لەم ناهێنێ و(شتێك) کە رەنگە ئەو مشتە قوڕە خورافەیەبێ ئەمنی بەژیانەوە گرێدراوە و رزگاربوون لێی لە دەستی خۆیدا نییە, بەڵام ئەمە تەنها چیرۆکی ژیانی ئیسماعیلی نوسەر نییە ئەمە چیرۆکی هەموو ئیسماعیلەکانی تاراوگەنشینە, چیرۆکی بێهودەیی و بێزاری لەژیان و پەناهندەیی.
دواجار دەمەوێ تیشك بخەمەسەر ئەوەی من ئەم(نۆڤێلا)یە بەهەناسەیەکی درێژی چیرۆکی(مەیمونێکی پەڕۆ.. بیگومان پێش لەدایك بوونت)ی خۆی دەزانم, چونکە زمانیگێڕانەوە و کەسی گێڕەرەوە و کەسی گوێگر هەمان کەسن و لە زۆر پەرگرافیشدا لێکچوون دەبینرێ. بەڵام دەتوانم بڵێم خوێنەر پاش خوێندنەوەی ئەم(نۆڤێلا)یە ناتوانێ بێدەنگ دابنیشێ, بەڵام ئاشنا دەبێ بەکۆمەڵێ پرسیاری نوێ و ئەم پرسیارانە بەرەو بیرکردنەوەمان دەبەن لەدنیای مرۆڤی کورد و ئەو جیهانەی تەمەنی تێدا بەهەدەر دەڕوات.

**سەرنج:**

**نۆڤێلای (شتێك لەقوڕی خورافە)لە نووسینی "ئیسماعیل حەمە ئەمین" و لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی (2004).**